وەزارەتی کشتوکاڵ: تا کۆتایی مانگی داهاتوو نرخی گۆشتی سوور نزم دەبێتەوە

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق رایگەیاند، پێشبینی دەکەن تا کۆتایی مانگی داهاتوو نرخی گۆشتی سوور لە بازاڕەکاندا بگەڕێتەوە ئاستی پێشووی. وەزارەتی بازرگانیی عێراقیش دەڵێت، "سزای ئەو کەسانە دەدەین کە نرخی خۆراک بەرز دەکەنەوە".

ئەمە پێنجشەممە، وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، بەرزبوونەوەی نرخی گۆشتی سوور کاتییە و پێشبینی دەکەن تا کۆتایی مانگی داهاتوو نرخەکەی بگەڕێتەوە ئاستی پێشوو

ئاماژە بەوەش کراوە، بەشێکی گرانبوونی گۆشتی سوور لە بازاڕەکاندا، هەڵکارەکەی بە زیادبوونی خواستی ناوخۆ دەگەڕێتەوە و هاوڵاتیان خواستێکی زۆریان لەسەر گۆشتی ئاژەڵی خەماڵی هەیە.

ئەوەش خراوەتە روو، بە مەبەستی دابەزاندنی نرخی گۆشتی سوور لە بازاڕەکاندا، بەیاریان داوە کە ئاژەڵ لە وڵاتانی دراوسێوە هاوردەی بازاڕەکانی عێراق بکەن.

باس لەوەش کراوە، لە چوارچێوەی ڕەکارەکانی دابەزاندنی نرخی گۆشتی سووردا، بەیاردراوە بە هاندانی وەبەرهێنان لە بواری ئاژەڵداری و دابینکردنی پاڵپشتی پێویست و پێدانی قەرز بەو کەسانەی کە

سرقاى ئاژداورين لە عراق.